





# بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب»

## بە مارشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا.

نووسینی: قادر وریا

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ناوەڕۆک:

**بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا:**

**نووسینی: قادر وریا**

**بەشی یەکەم:**

* **سروودی نەتەوەیی و پێویستیی نەتەوەکان بە سروودی نەتەوەیی.....**

**- بۆ چی نەتەوەکان پێویستیان بە سروودی نەتەوەیی هەیە؟.....**

**بەشی دووهەم:**

* **ئەی ڕەقیب، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟.....**

**- شوێن پەنجەی هونەرمەندان و مۆسیقارە کوردەکان لە سەر ئەی ڕەقیب....**

**بەشی سێهەم:**

* **هۆکارەکانی بەرفراوانیی ژینگە و پانتایی سروودی ئەی ڕەقیب.....**

**بەشی چوارەم:**

* **بۆچی «ئەی رەقیب» بێ بەدیل ماوەتەوە؟.....**

* **هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان‌دا .......... ٢١**

* **کورتەیەک لە ژیننامەی هاوڕێ د. قادر وریا................................................................ ٢٧**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# سروودی نەتەوەیی و پێویستیی نەتەوەکان بە سروودی نەتەوەیی

## بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا
## (سروودی نەتەوەیی و پێویستیی نەتەوەکان بە سروودی نەتەوەیی)

### سروود یا مارشی نەتەوەیی چییە؟

لە نێو کوردیش وەک هەر نەتەوەیەکی دیکە، هەر لە کۆنەوە گۆرانیی جۆراوجۆر هەبووە. گۆرانیی تایبەت بە کار لە نێو مووچە و مەزرا، گۆرانیی پێوەندیدار بە کۆچ و کۆچبار و گەرمیان و کوێستان کردن، گۆرانیی کاتی خۆشیی وەک زەماوەند و سەرکەوتن لە شەڕدا، گۆرانیی دایکان بۆ لاواندنەوەی منداڵانیان، گۆرانیی تایبەت بە ماتەم و شیوەنی لەدەستدانی ئازیزان و زۆر جۆری دیکەی گۆرانی.

ئایا سروودیش جۆرێکە لە گۆرانی و هەر لە کۆنەوە کورد خاوەنی سروود بووە؟ بەو جۆرەی لە هێندێک سەرچاوەکاندا هاتووە کوردەکان خاوەنی کۆنترین مێلۆدی و ئاوازی حەماسی بوون، بەڵام بەهۆی بێبەشی لە دەسەڵات و کیانی تایبەت بە خۆیان و ڕووبەڕوو بوونەوەی بەردەوام لەگەڵ هێرش و پەلاماری داگیرکەران، ئەم سامانەی خۆیان بە داخەوە بۆ نەپارێزراوە. ئەحمەد قازی لە کتێبی «خلاصەی تاریخ کردستان، از ۲۰۰۰ سال قبل از میلاد تا ۲۰۰۰ سال بعد از میلاد» ئاماژەی بەو قسەیەی «گزنفۆن» مێژوونووسی یونانی کردووە کە لە «ساڵی ٤٠١ پێش زایین، دوای هێرش کردنی یونانییەکان بۆ سەر ئێران لە کاتی گەڕانەوەدا کە گەیشتینە کوردستان، کوردەکان بە خوێندنی ئاواز و سروودی تایبەت بە خۆیان هێرشیان کردە سەر لەشکەری یونان.» ئەم قسەیەی گزنفۆن هەر لەو کاتەدا کە پێشینەی دوور و درێژی ژیانی کورد لەم ناوچەیە دەسەلمێنێ، دەریشی دەخا کە خاوەنانی ئەم سەرزەوییە هەر لە کۆنەوە خاوەن سروود و ئاوازی تایبەت بە خۆیان بوون. (عەلی لەیلاخ، ۲۰۱٤)

بەر لەوەی باسی جیاوازیی سروود لەگەڵ گۆرانی بکرێ، هەڵوێستەیەک لەسەر ڕەچەڵەکی وشەی «سروود» پێویستە. «سروود وشەیەکی کۆنی ئاڤێستاییە کە لە گاتاکانی زەڕدەشتدا هاتووە و ڕیشەی وشەی سترانی کوردییە و لە کۆنترین ناوچەکانی کوردستان کە زاراوە کرمانجن، ئەم وشەیە بە کار دەبرێ، بەڵام دواتر بە هاتنی ئیسلام، چونکە ئەم سروودانە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یارسانەکان و ئیزەدییەکان خوێندوویانن، پێیان گوتوون: (گۆرانی) واتە ئاوازی گاورەکان، یانی هەر ئاوازێک کە یارسانەکان یا ئیزەدییەکان گوتبێتیان، ناویان ناون (گاورانیی) واتە سترانی ناموسوڵمانانە، یان ئەو ئاوازانەی کە ناموسوڵمانەکان، یا کافرەکان یا گاورەکان خوێندوویانن! ناوی هۆزی (گۆران)یش کە ڕەدووی ئاییینی یارسان (ئەلحەق)ـەکانە، لەم وشەیە کەوتۆتەوە و یەکێ لە ئایینە کۆنەکانی کوردەوارییە، کە زمان و گۆرانیی کوردیان هەتا ئێستا پاراستووە و لە نێو دڵی خاکی کوردستاندا دەژین و کۆنترین تیرەی کوردن و کورد دەبێ شانازییان پێوە بکا. دیتنێکی دیکەش هەیە کە دەڵێ گات یانی سروود، سروودیش دیارە بە هەڵبەستی بڕگەیی دەگوترێ نەک پەخشان.» (ناسر ڕەزازی، ٢٠٠٦)

ئەوەی سروود لە جۆرەکانی دیکەی گۆرانی جیا دەکاتەوە، هەم نێوەرۆکە و هەم کێشی شێعرەکەی. لە ڕووی نێوەرۆکەوە سروود بە زۆری نێوەرۆکی نیشتمانی و حەماسی و کۆمەڵایەتیی هەیە. سروودەکان بە ڕیتمی خێرا و»دوو زەرب» و بەشێوەیەکی هاندەر دەگوترێن و بەگشتی لەگەڵ گۆرانی لە ڕووی ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و هەست بزواندنەوە، جیاوازن. «سرووده نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لەژێر کاریگەریی ڕیتمی مارش و موزیکی شەڕ دان کە هاندەری شەڕڤانانن بۆ ئازایەتی نواندن و شەڕانی بوون، هەر بۆیەش بە ئامێری مۆسیقایی هەژێنەر وەک سەنج و کەڕەنا پێشکەش دەکرێن. بەڵام گۆرانی زیاتر پێوەندیی بە ڕازونیازی دڵدارانەوە هەیە، لە هەستێکی پاکی مرۆییەوە سەرچاوە دەگرێ و بە شوێن دنیایەکی بە دوور لە شەڕ و دوژمنایەتی و ڕقدا دەگەڕێ.» (ترنم نسیم،٢٠١٣)

وەک لە ناوەکەشی ڕا دەردەکەوێ سروودی نەتەوەیی بە بەستەیەک یا هۆنراوەیەک دەگوترێ کە لە ڕووی نێوەرۆکەوە باس لە نەتەوە و نیشتمان بکا. ئاوڕدانەوە لە مێژووی نەتەوە و ستایشی شانازییەکانی تێدایە. بانگەوازی ڕۆڵەکانی نەتەوە دەکا بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان و بەرزکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ناوی نەتەوەکەیان. گیانی نەتەوەپەرستی و خۆبەختکردن لە پێناوی مانەوەی نەتەوە و پاراستنی سەربەخۆیی و سەربەستیی نەتەوە و وڵات، پەرە پێدەدا. لە ژمارەیەکی زۆر لە سرووده نەتەوەییەکانی جیهاندا، ناوی نەتەوە و وڵاتی خاوەن سروودەکە هاتووە، کە وەک نموونە دەتوانین ئاماژە بە سروودی نەتەوەیی ڕووسیە، ئاڵمان، ئۆکراین، ئێران و تاجیکستان بکەین.

**توێژینەوەیەکی گوتارناسانە لە بارەی سروودی نەتەوەیی ٧٠ وڵات کە بە ڕێکەوت بۆ ئەم نووسینە دەستنیشان کراون، دەری دەخا کە لە هەموویاندا کۆمەڵێک چەمک و مەبەستی وەک یەک دووپات بوونەتەوە. ئەو چەمک و مەبەستانە بریتین لە:**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١- هێرش (شەڕ و پێکدادان)

٢- دەرد (ئازار چێشتن، تێداچوون، شەهید بوون)

٣- ئازادی، سەربەخۆیی و ڕزگار بوون لە دیلی.

٤- سروشت، چیا و چەم و شوێنگەلێکی تایبەت لە سروشتی وڵاتێک.

٥- شادی (وەک گۆرانییەکان، خۆشی و خۆشەویستی).

٦- ئایین، ئیمان خوا و پێغەمبەر.

٧- چەمکگەلێکی نۆستالژی وەک مێژوو، بیرەوەریی و باب و باپیران.

٨- ئامانجە بەرزە مرۆییەکانی وەک ڕاستوێژی، شکۆ و شانازی، یەکیەتی، وەفاداری، دادپەروەری و ئاشتی. (سعید مهرپور، حبیب احمدی و مرجان نادری،١٣٩٣، ٧٥)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سرووده نەتەوەییەکان ئەوەیە کە وەکوو دەق کورتن و بە کەمترین وشە زۆرترین پەیام دەگەیەنن. بە دەربڕینێکی دیکە لە ڕووی واتاییەوە چڕ و پڕن و بەهۆی نێوەرۆکی حەماسی و هەست بزوێنیان زۆرترین کاریگەرییان لەسەر بەردەنگ هەیە. پیاهەڵدانی مێژوو، نەریتەکان، ئامانجەکان و خەباتی نەتەوەیەک و ڕێزلێگرتنیان، هەوێن و نێوەرۆکی سرووده نەتەوەییەکان پێک دێنن.

## بۆ چی نەتەوەکان پێویستیان بە سروودی نەتەوەیی هەیە؟

نەتەوەکان چ ئەوانەی دەوڵەت - نەتەوەی خۆیان هەیە و بە سەربەخۆیی گەیشتوون، چ ئەوانەی هێشتا سەربەخۆ نەبوون و لە قۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازی دان، پێویستیان بە هونەر و ئەدەبیاتێکی ئەوتۆ هەیە کە گیانی شانازیکردن بە نەتەوە و وڵات لە یەکە یەکەی تاکەکانیاندا بەهێز بکەن. سروودی نەتەوەیی یەک لەو سامانە مەعنەوییانەیە، کە لەلایەک تۆوی خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان و هەستی شانازیکردن بە مێژوو و جوانییەکانی و، باوەڕ و بڕوای بەرگری لەو نەتەوە و نیشتمانە لە بیر و هزری ڕۆڵەکانیدا دەچێنێ، لە لایەکی دیکە هەڵگری پەیامە بۆ نەتەوەکانی دەوروبەر و ئەو هێز و لایەنانەی تەماحی داگیرکردنی خاکی ئەو نەتەوەیەیان هەیە، یا بە کردەوە بوونەتە هۆکاری بندەستیی ئەو نەتەوەیە و داگیرکردنی خاکەکەی. پەیامەکەش ئەوەیە کە وڵات و نەتەوەی خۆمان خۆش دەوێ، بەرگریی لێ دەکەین و ڕێگاتان پێ نادەین نیشتمانەکەمان داگیر و سەربەستیمان پێخوست کەن.

سروودی نەتەوەیی وەک یەک لە ڕەمزەکانی سەربەخۆیی وڵاتێک و نەتەوەیەک، مێژوویەکی زۆر کۆنی نییە. کۆنترین

سروودی نەتەوەیی هی وڵاتی ژاپۆنە، کە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٩٠٥ی زایین. سروودی «هت ویلهلموس»ی هولەندیش لە نێوان ساڵەکانی ١٥٦٨ - ١٥٧٢دا هۆنراوەتەوە. زۆربەی هەرە زۆری سروودە نەتەوەییەکانی وڵاتانی دیکەی جیهان لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ی زایینیدا لەدایک بوون. ژمارەیەکی کەمیش بۆ نموونە سروودی نەتەوەیی یونان هی سەدەی ١٨ی زایینین.

سروودی نەتەوەیی لە بۆنەی جۆراوجۆردا و بە گوێرەی ڕێوشوێنێکی تایبەت پێشکەش دەکرێ. ڕێوشوێنێک کە لە کاتی پێشکەشکردنی سروودەکەدا بەڕێوە دەچێ، ڕێزی بینەران و گوێگران بۆ سروودەکە و پەیامەکانی سروودەکە دەگەیەنێ. لە کاتی بەڕێوەچوونی پێشبڕکێی وەرزشی لەگەڵ وڵات و نەتەوەی جیاواز، کاتێک وەفدی وڵاتێک سەردانی وڵاتێکی دیکە دەکا، لە دەسپێک یا کۆتایی فستیڤاڵ و کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەی گرنگدا، هەروەها لە ڕێوڕەسمی بەخاک سپاردنی تەرمی قارەمانان و ناودارانی نەتەوە و بیرەوەری و ڕێزلێگرتنیان، کاتی سەرکەوتنە نەتەوەییەکان، هەروەها ئەو کاتانەش کە وڵات و نیشتمان بەرەوڕووی هەڕەشە و دۆخێکی نائاسایی دەبێتەوە، سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرێ. لە زۆر وڵات، فێرکردنی سروود دەکەن بە بابەتێکی خوێندن و کتێب و مامۆستای تایبەت بۆ فێرکردنی سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان بە قوتابیان دابین دەکەن. کتێبی فارسیی پۆلی پێنجی سەرەتایی پەروەردە و فێرکردنی ئێران کە لە ٦ فەسڵ پێک هاتووە، فەسڵی سێهەمی خۆی بۆ سروودە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی ئەو وڵاتە تەرخان کردووە. (کتێبی فارسی پنجم دبستان، چاپ دوم ١٣٩٥)

«لە زۆر وڵات قوتابییان هەموو بەیانان لەگەڵ ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵا، بە تێکڕا سروودی نەتەوەیی وڵاتی خۆیان دەڵێنەوە بۆ ئەوەی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە بە وشە و پەیامەکانی سروودی نەتەوەیی خۆیان و ڕێزلێگرتن و شانازی پێوەکردنی ڕابێن. لە بنکە و فێرگە و بارەگاکانی سپای نەتەوەیی وڵاتان، لە کاتی ڕێژە ڕۆیشتن، یا وەرزشی بەیانانی سەربازان و کاربەدەستانی سپایی و لەشکری یا لە بۆنەی دیکەی تایبەت بە سپادا، سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرێ». هەروا کە ئاڵای نیشتمانی بووە بە ڕەمزی هەبوونی نیشتمانێک و، ئەو وڵاتە بەو ئاڵایە دەناسرێتەوە، سروودی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەکیش بوونی ئەو نەتەوەیە دەگەیەنێ. لە ڕاستیدا ئاڵا و سروود تەواوکەری یەکترن و لە زۆربەی بۆنەکاندا بە یەکەوە سوودیان لێ وەردەگیرێ. «یەکێک لە خاڵە جیاکارەکانی هەر نەتەوە و دەوڵەتێکی سەردەم لە نەتەوە و دەوڵەتێکی دی، بوونی (سروودی نیشتمانی)یە. (سروودی نیشتمانی)یش ئەگەر ڕۆڵی وەک ئاڵای وڵات نەبێ، ئەوا هیچی وای لەو کەمتر نییە، چونکە مەسەلەی سروودی نیشتمانی زۆر گرنگە لە ناساندنی گەلان و وڵاتان.» (عەبدولڕەحمان سەدیق، ٢٠١٤) بەم جۆرە هەم ڕێوشوێنی فەرمی و دیپلۆماسیی ئەمڕۆی جیهانی سیاسەت، دەخوازن وڵاتێک سروودی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی هەبێ، هەم پێویستیی بەهێزکردنی گیانی نەتەوەخوازی و نەتەوەپەروەری لە نێو تاکەکانی نەتەوەیەکدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئەی ڕەقیب، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟

## بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی
## لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا

## ٢

### (ئەی ڕەقیب، چۆن بوو بە سروودی نەتەوەیی؟)

پێکهاتنی کۆماری کوردستان لە ١٩٤٦دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەدیهاتنی ئاواتێکی لەمێژینەی نەتەوەی کورد بوو. «ڕاگەیاندنی کۆماری میللیی کوردستان لە مەهاباد و دامەزراندنی دەزگاکانی بەڕێوەبەرایەتییەکی کوردی لە لایەن سەرانی «ح.د.ک»ـەوە قۆزتنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە بوو کە بۆ جووڵانەوەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ئێران هاتبووە پێش». (یاسین سەردەشتی، ١٦٠، ٢٠٠٢)

لە سەردەمی نوێی دوای سەرکەوتنی شەڕی دووهەمی جیهانیدا، کە زۆر نەتەوە و وڵات لە چنگ فاشیزم ڕزگاریان ببوو، هەروەها بە دوای چەند دەیە لە بەدعەهدیی براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و ڕێگربوونیان لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی، پێکهاتنی کۆماری کوردستان، بووە مایەی هیوا و خۆشیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان. هەر کوردێکی دڵسۆز و نەتەوەپەروەر کۆماری کوردستان و پێتەختەکەی، واتە شاری مەهابادی بە ڕووگەی خۆی دەزانی. کۆماری کوردستان هەوڵی دەدا نوێنگەی هیوا و چاوەڕوانییەکانی نەتەوەکەی بێ و زۆر شت کە ئەو نەتەوەیە، دەیان و سەدان ساڵ بوو لێیان بێبەش کرابوو، بێنێتە دی، وەک هەڵکردنی ئاڵای کوردستان، بەفەرمی کردنی خوێندن بە زمانی کوردی، پێکهێنانی سپای میللی و هەڵگرتنی چەندین هەنگاوی گەورەی دیکەی نەتەوەیی. هەڵبژاردنی سروودی نەتەوەییش یەک لەو هەنگاوانە بوو. «پاش پێکهاتنی کۆماری کوردستان سروودێکی ڕەسمی بۆ حیزب (حیزبی دێموکراتی کوردستان) و کۆمار دانرا. ئەو سرووده هەمان سروودی بەناوبانگی «ئەی ڕەقیب»ـە کەئێستاش سروودی ڕەسمیی حیزبە. هەڵبژاردنی ئەم سرووده بەڕێکەوت نەبوو. دەکرێ بڵێین پاش چەند ساڵ گەلی کورد توانی فەرمانڕەوایی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ و دەسەڵات بە دەستەوە بگرێ. بۆیە پێویست بوو هەر وەک ئەو سرووده دەڵێ بگوترێ کە: «ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی

کورد زمان، کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە». (قاسملوو، ٢٠٠٢، ٣٤)

«... سروودی (ئەی ڕەقیب) کە لە ساڵی (١٩٤٠)دا، یونس دڵدار, شاعیری نیشتمانپەروەرمان داینا بۆ یەکەمین جار لە ڕێکەوتی (١٧ - ١٢ - ١٩٤٥)دا، لە کاتی بۆ یەکەمین جار هەڵکردنی (ئاڵای کوردستان) لە شاری مەهاباد، لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاڵاکەماندا، سروودی (ئەی ڕەقیب) بە ئاوازەوە پێشکەش کرا. (ڕەزا شوان، ٢٠١٦)

هەروەها «ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ (٢٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)، لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد بە ئامادەبوونی زۆربەی کادرەکانی حیزبی دێموکرات و جەماوەرێکی زۆری شار و نوێنەری ناوچەکان و عەشیرە کوردەکان هەر لە ماکۆوە هەتا سەقز و سەردەشت کە پێشتر بانگ کرابوون، ئاهەنگی مەراسیمی ڕاگەیاندنی کۆماری میلیی کوردستان دەستی پێکرد. دوای چڕینی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان و هەڵکردنی ئاڵای نەتەوەیی کورد... لە ناو جۆش و خرۆش و چەپڵە و بەختەوەریی جەماوەردا گەورەپیاوانی کورد و سەرانی ح.د.ک دەستیان بە وتار خوێندنەوە کرد.» (غەنی بلووریان، ١٩٩٧، ٦٢)

دوای پێکهاتنی کۆماری کوردستان و وەگەڕکەوتنی وەزارەت و دامەزراوەکانی، پێویستیی هەڵبژاردن و بەکارهێنانی سروودی نەتەوەیی، زیاتر لە پێشوو خۆی نواند. هەڵکردنی بەفەرمیی ئاڵا لە شارەکانی دیکە، دەست پێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و ڕێوڕەسمی سەرلەبەیانیی قوتابخانەکان، ڕێژە و مانۆڕی هێزی پێشمەرگە لە بۆنەکاندا، هاتنی کەسایەتی و پیاوماقووڵانی کورد بۆ مەهاباد بە مەبەستی چاوپێکەوتنی سەرکۆمار پێشەواقازی محەممەد و زۆر جووڵە و چالاکیی سیاسی و کولتووری و سپایی دیکە لە کۆماری کوردستانیان دەخواست سروودی نەتەوەیی تایبەت بەخۆی هەبێ. دیارە پێشتر «لە سەردەمی کۆمەڵەی (ژ-ک)دا، سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی زیاتر باو بوو و، لە زۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا دەخوێندرایەوە. جگە لەو سرووده، «شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان» و سروودی «نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە» زۆر لە ئارادا بوون.» (جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

کاتێک دەگەڕێینەوە سەر لاپەڕەی چاپەمەنیی سەردەمی کۆماری کوردستان، هەم وشەی سروودی نەتەوەیی دەبینین هەم مارشی نەتەوەیی. لە چەندین ڕێپۆرتاژی تایبەت بە هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە شار و گوندەکان، یا لە بارەی چالاکیی سیاسی و کولتووریی ئەو کاتدا، باسی ئەوە کراوە کە سروود یا مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە، بەڵام تەنیا لە یەک لەواندا، ناوی سروودە نەتەوەییەکە (ئەی ڕەقیب) هاتووە. وا دەردەکەوێ کە بێجگە لە «ئەی ڕەقیب» سروودی دیکەشیان وەک سروودی نەتەوەیی ناو بردوە. چونکە لە ژمارە ١٣ی ڕۆژنامەی «کوردستان»دا کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٢٤



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاو بۆتەوە، شێعری «نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەرزەمینە»ی هەژار چاپ کراوە و لە سەریشی نووسراوە: «سروودی ملی کوردستان.» (ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، ٢٠٠٧، ٥٤)

ئەوە کە بۆچی لە کۆماری کوردستاندا، لە نێو کۆمەڵێک سروودا کە نێوەرۆکی نیشتمانی و نەتەوەییشیان هەیە و بە گوێی خەڵکیش ئاشنا بوون، شێعری «ئەی ڕەقیب»یان بۆ سروودی نەتەوەیی هەڵبژاردووە یا هێناویانەتە پێشەوەی سروودە نەتەوەییەکان، جێگای تێڕامانە. کۆمەڵێک هۆکار هەن کە هەر کامێکیان دەتوانن کەم یا زۆر ڕۆڵیان بووبێ لە هەڵبژاردنی ئەو دەقە بۆ سروودی نەتەوەیی.

یەکەم، شێعری «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی سەنعەتی شێعری و ڕەوانبێژی و جوانکاریی ئەدەبییەوە، شتێکی نێونجی و سادەیە بەڵام وەک نێوەرۆک، خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بووە کە بۆ سروودی نەتەوەیی لێی چاوەڕوان دەکرێ.

دووەم لەنێو چەندین تێکۆشەر و نیشتمانپەروەری باشووری کوردستان کە بە نیازی خزمەتکردن لەو حکوومەتە کوردییە خۆیان گەیاندبووە مەهاباد، چەند کەسێکی کۆیی هەبوون، کە دەشێ ئاگاداری ناوبانگی دڵدار و بە تایبەتی ئەم شێعرەی بووبن و تەنانەت زانیبێتیان کە «ئەی ڕەقیب» هەر لە ئەساسدا بۆ نیازێکی لەو چەشنە نووسراوە.

ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە ئەو دەقە شێعرییە بە بەراورد لە گەڵ سروودە باوەکانی ئەو کات و دەقە شێعرییەکانی دیکە کە نێوەرۆکی نەتەوەیی و نیشتمانیان هەبوو، بۆ سروودی نەتەوەیی گونجاوتر بوو. «ئەو شێعرە بە فەرمانی کەسێک یان حزبێک نەبووەتە مارش و ڕەمزی نەتەوەیی، بەڵکوو بە گەورەیی خۆی و هەستی بەرزی و ئەو ڕووحیەتە مەزنەیە کە لەنێوان وشەکاندا، لەنێوان تۆن و مانا و ئاوازەکەی دایە بووەتە مارش و ڕەمزی بوونی کورد.» (جەبار جەماڵ غەریب، ٢٠١٧)

«ئەی ڕەقیب» گیانێکی بەهێزی بەربەرەکانی و بەرخۆدان و هەستانەوەی تێدایە و نێوەرۆکێکی حەماسیی هەیە. شاعیر لەم دەقەدا وەک تاکێک نادوێ و جێناوی کەسی سێهەمی کۆ (ئێمە) بەکار دێنێ و بەردەنگەکەشی (ئەی ڕەقیب) یا هەر ئەو لایەنەیە کە خوازیاری بندەستی و شکان و توانەوەی نەتەوەی کوردە. دڵدار بە گوڕ و تین و لێبڕاوییەوە لە ئیرادەی نەتەوەکەی بۆ مانەوە و بەردەوامی دەدوێ و، بە گوێیاندا دەدا کە کورد نامرێ و بەڵگەشی بۆ مانەوە و نەمریی نەتەوەکەی، مێژووە خوێناوییەکەیەتی کە دەریدەخا کورد ئامادەیە تاجی ژیان بە خوێنی خۆی بنەخشێنێ و ئازاد بژی.

لە چاپەمەنی و بەڵگەنامەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، بڕیارێکی نووسراوی ئەوتۆ لە بارەی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەیی نابیندرێ. تەنانەت دەقی شێعرەکەش لە هیچ کام لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی «کوردستان» و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمدا نابینین! سەرەڕای ئەمەش هەم بیرەوەریی ئەو کەسانەی لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا لە مەهاباد و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا ژیاون، «ئەی ڕەقیب»یان وەک مارش یا سروودی نەتەوەیی ئەو کۆمارە ناو بردوە (بۆ وێنە عەقید بەکر حەوێزی، سەعید ناکام، محەممەد شاپەسەندی، جەلیل گادانی و هتد)، هەم لەو ڕیپۆرتاژە ڕۆژنامەنووسییانەی ئەو سەردەم لە بارەی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە شارەکان و بەڕێوەچوونی ژمارەیەک ڕێوڕەسمی دیکە لە گۆڤار و ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو بوونەوە، ئاماژە بە خوێندنەوە و پێشکەشکرانی سروودی نەتەوەیی کراوە. چەند وێنەیەکی ئەو سەردەم کە لە کاتی سەردانی سەرکۆماری کوردستان بۆ هێندێک شوێن بۆ وێنە خانەقای شەمزینان گیراون، دەیسەلمێنن کە لەم جۆرە بۆنانەدا مارشی نەتەوەیی پێشکەش کراوە. (بڕوانە محەممەد ڕەزا سەیفی قازی، ٤٨، ٢٠٠٨)

«سروودی ئەی ڕەقیب لە بۆنە ڕەسمییەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و، بە تایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا لەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە. لە مەدرەسەکان پێش چوونە نێو کلاس بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەموو کات کە سروودی ئەی ڕەقیب دەست پێدەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.» (جەلیل گادانی، ٢٠١٨)

بەم جۆرە وەک هەر داوا و ڕاسپاردەیەکی دیکەی کۆماری کوردستان، هەڵبژاردنی «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەییش لە لایەن ئەو خەڵکەی لەژێر سێبەری کۆماری کوردستان دەژیان، بە گەرمی پێشوازی لێکراوە. ئەم سرووده بە زۆری لە ڕێوڕەسمەکاندا و بە شێوەی زیندوو و لەبەرچاوی خەڵک لەلایەن تیپی مۆسیقا و کەسانی دیاریکراو پێشکەش کراوە. دیارە لە ڕادیۆی تەورێزیش (ڕادیۆی فیرقەی دێموکرات) کە بۆ ماوەی چەن مانگ ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بەرنامەیەکی نیو سەعاتەی ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەدرا، ئەو سرووده بڵاو بۆتەوە. دواتر کە کۆماری کوردستان بۆخۆیشی بووە بە خاوەنی ڕادیۆ و دەنگەکەی لە نێو ئەو شارە دەبیسترا، هەموو ڕۆژێ ئەم سرووده لە ڕادیۆ بڵاو بۆتەوە. (حامید گەوهەری، ٢٠١١ - ٣١٧)

گومانی تێدا نییە کە ئەو سەردەم ژمارەی ئەو بنەماڵانەی ڕادیۆیان هەبوو، لە کوردستان یەکجار کەم بوون. ئەو سەردەم ڕادیۆ، گرامافۆن و زەبتی سەوت (تەسجیل) و شریت (کاسێت) ئەوەندە پەرەیان نەگرتبوو و کەم بنەماڵە هەبوون دەستیان بەوانە ڕابگا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شوێن پەنجەی هونەرمەندان و مۆسیقارە کوردەکان لە سەر ئەی ڕەقیب

سروودی «ئەی ڕەقیب» لەگەڵ ئەوەشدا گرنگترین سروودی کوردە، چونکە سروودی نەتەوەییە، زۆر بە کەمی بووە بە هەوێنی لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل. کەسێک بیهەوێ لە بارەی مێژووی ئەو سروودە لە هەموو ڕوویەکەوە بکۆڵێتەوە، ناچارە زانیاریی پێویست و پچڕ پچڕ لە سەرچاوەی جۆراوجۆر بەدەست بێنێ. بەو حاڵەش ئەستەمە هەموو زانیارییەکی پێوەندیدار بەو سروودەی دەست بکەوێ. «ئەم هەڵبەستە یەک پارچە ئاوات بەرزی و بڕوا پتەوی و نەبەزی و مەیدانخوازیی شۆڕشگێڕانەی کوردایەتی دەستنیشان دەکا. هەڵبەستەکە لە کەرکووک چاوی هەڵێناوە و هەر لەوێش ئاوازی بۆ دانراوە و لەوێشەوە بە کوردستانی عێراق و ئێراندا بڵاو بووەوە و لە ڕادیۆی مەهاباد و ئازەربایجان و ڕادیۆکانی لەمەودوای شۆڕشی کورد دەنگی دایەوە. ئێستاش بووە بە سروودی نیشتمانیی فەرمیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.» (عەبدولڕەزاق بیمار، ٢٠١٧ - ١٧٢)

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر لایەنی مۆسیقایی ئەم سروودە، ڕوونە کە یەکەم جار شێخ حوسێن بەرزەنجی، ئاوازی بۆ ئەم سروودە داناوە. کاتێک دڵداری شاعیر لە ١٩٣٩*، لە کەرکووک لە کۆڕێکی دۆستانەدا بۆ یەکەم جار ئەم شێعرە بۆ کۆمەڵێک لە دۆستانی لە ماڵی کاک حەمەی سەید ئەحمەدی خانەقا دەخوێنێتەوە، ئارەزوو دەکا کە یەکێک هەبێ ئاوازێک بۆ ئەم سروودە دابنێ. هەر لەوێ و لەنێو ئامادەبووانـدا شێخ حوسێن بەرزەنجی کە دەنگێکی خۆشی هەبووە و شێعر و گۆرانیی زۆری کوردی لەبەر بووە و، مەقامە ڕەسەنەکانی کوردی دەزانی، ڕادەسپێردرێ. دوای چەند ڕۆژێک، شێخ حوسێن کە لە دانانی ئاوازەکە دەبێتەوە، بە دەنگە خۆشەکەی خۆی و لە سەر هەمان ئاواز سروودەکەی بۆ دەڵێتەوە. (فەخرەدین تاهیر، ٢٠٠٧)

نەورۆزی ساڵی ١٩٤٦، هەر ئەو ساڵەی کۆماری کوردستانی تێدا دامەزرا و، ئەو کۆمارە سروودی ئەی ڕەقیبی وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد، لە هەولێر ئاهەنگێکی گەورە بەبۆنەی نەورۆزەوە ساز دەکرێ و لەو ئاهەنگەدا سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»ی پێشکەش دەکرێ. هەر لەو ساڵەدا، دڵدار بۆ زانینی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە کۆماری کوردستان بە بەردەوامی گوێ لە ڕادیۆ دەگرێ. لە ڕێگای ڕادیۆوە، گوێی لە ئەی ڕەقیب وەک مارشی نەتەوەیی کۆماری کوردستان دەبێ و لە خۆشیان دەگری. (سەریاس ئەحمەد، ٢٠١٥)

ئەم دوو ڕووداوە لە لایەک ئەوە دەسەلمێنن کەهاوکات لە گەڵ دیاریکرانی «ئەی ڕەقیب» وەک سروودی نەتەوەیی یا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت پێشتریش، «ئەی ڕەقیب» لە باشووری کوردستان لانیکەم لە نێو لاوانی خوێندەوار و نەتەوەپەروەردا، وەک سروود چاوی لێکراوە و لە ئاهەنگ و بۆنە نەتەوەییەکاندا خوێندراوەتەوە. لە لایەکی دیکەوە ڕادیۆش ڕۆڵی هەبووە لە ناساندنی سروودەکە بە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان.

ڕوون نییە لە کۆماری کوردستاندا، هەر لەسەر هەمان ئاوازی شێخ حوسێن بەرزەنجی، ئەم سرووده وتراوەتەوە یا گۆڕانێک لە ئاوازەکەیدا پێک هاتووە. ئەگەر گۆڕان پێکهاتووە، کێ بووە ئەو کەسەی ئەو گۆڕانەی کردووە؟ «وێدەچێ کاری ژەنینی مۆسیقای ئەو سرووده هەر ئەو کەسانە کردبێتیان کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگە بوون، کە بریتی بوون لە عەلی تابانی (ڤیۆلۆنژەن) کە بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، مەحموودی وەلیزادە کە بەشی کشتوکاڵی خوێندبوو بەڵام ڤیۆلۆنژەنیش بوو، میرزا مینەی ڕەحیمی، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسێکی دیکە. (جەلیل گادانی، سەرچاوەی پێشوو)

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سرووده نەتەوەییەکان و یەک لەوان «ئەی ڕەقیب» ئەوەیە لە کاتی پێشکەشکەشکردن بە شێوەیەکی زیندوو، بە کۆرس دەوترێنەوە. بەڵام ئەی ڕەقیب ئەو کاتەی لە سەر قەوان یا کاسێت تۆمار کراوە، زۆرتر بە دەنگی تاکەکەسێک، کە هونەرمەندێکی دەنگبێژ بووە، گوتراوە. لە ماوەی ٧ دەیەی ڕابردوودا، زۆر لە هونەرمەندانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی دەنگیان بۆ وتنەوەی سروود گونجاوە، سروودی ئەی ڕەقیبیان وتوەتەوە. لەوانە ڕەفیق چالاک، قادر دیلان، شوانپەروەر، ناسر ڕەزازی، محەممەدی ماملێ، فەرهاد بابان، خالید ڕەشید، دەشنێ موراد، قادر ئەلیاسی و هتد. مۆسیقای سرووده‌کەش لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و داهاتنی ئامێر و ئیمکاناتی پێشکەوتووتری مۆسیقایی، هەروەها بە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و شارەزایی مۆسیقارە کوردەکان، نوێبوونەوەی بە خۆیەوە دیتوە. ئەم توێژینەوەیە بە کاری خۆی نازانێ قسە لەسەر ئاواز و لایەنی مۆسیقای سروودەکە بکا، بەڵام ئەگەر وەک گوێگرێکیش قسەی لە بارەوە بکرێ حاشای لێ ناکرێ کە هەم لە جۆری پێشکەشکردندا و هەم لە بەکارهێنانی جۆری نوێی ئامێرەکانی مۆسیقیدا، «ئەی ڕەقیب» لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە و ئەمە ڕاستییەکە هەستی پێ دەکرێ. نوێترین هەوڵەکان لە بارەی نوێکردنەوەی ئەم سرووده لە ڕووی مۆسیقاییەوە، ئەو زانیارییانەن کە لە زمانی «ئەدیب چەلکی» بڵاو بوونەوە:

«مامۆستا دڵشاد سەعید ئاوازی سروودی نیشتمانیی (ئەی ڕەقیب)ی بۆ ئۆرکێسترا ئامادە کردوە، لەگەڵ گرووپی نیشتمانیی سەمفۆنیای چیک لە پراگ بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش جێبەجێی کردوە... پێش چەند مانگێک ئەم کارە بە پشتیوانیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە... ئاماژەشی بەوە داوە کە بەم زووانە سروودی نیشتمانی لەسەر CD بە دیزاینێکی سەرنجڕاکێش بڵاودەکرێتەوە، لەگەڵ دەفتەرێکدا کە نۆتەکانی ئاوازەکەشی بە شێوەی ئۆرکێسترایی تێدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نووسراوەتەوە. ئەم سروودە نیشتمانییەی هونەرمەند دڵشاد سەعید ئامادەی کردووەتەوە، لە جۆری ئەم سڵاوە نیشتمانییانەیە کە پێویستی بە ئامێرگەلی زۆری هەوایی هەیە... ئەم سروودە بە دوو شێوەی تریش تۆمار دەکرێتەوە، یەکێکیان تایبەت بە سروودی نیشتمانییە بۆ یاریگە وەرزشیەکانی جیهان. شێوەی سێیەمیش لەگەڵ دەنگی بژاردەیەکی هونەرمەندانی کوردستان تۆمار دەکرێ، بۆ خوێندنەوەی وشەکانی سروودی نیشتمانی (ئەی رەقیب)ـە کە لەلایەن دڵداری شاعیرەوە داندراوە. ئەم سروودە بە هەردوو شێوەزاری سۆرانی و کورمانجی پێشکەش دەکرێ.» (خۆرنیوز، ٦ی جولای ٢٠١٧)

هەوڵێکی دیکەی جێگای ئاماژە نوێکردنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب بە هاوکاریی ئۆرکێسترای هەنگاریا لە ٢٠١٦یە کە مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بەم جۆرە باسی کردووە: «دوای ئەوەی لەڕێگەی «د.شۆڕش حسێن» بەرپرسی پەیوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە لە بۆداپێست بەرلە چەند مانگێک ئۆرکسترای (زوگلۆیی سەنت ئیشتڤان فیلهارمیک)ی هەنگاری بۆ نوێکردنەوەی هەردوو سروودی ئەی ڕەقیب و مەشخەڵان پەیوەندیم پێوە کرا، بڕیارمان دا لەگەڵ ئۆرکێسترای هەنگاری بە ڕابەریی (زامبۆرسکی کاڵمان) کە یەکێکە لەڕابەرە دیارەکانی مۆزیکی هەنگاریا ئەو کارە ئەنجام بدەین. دوای ئامادەکاریەکی زۆر و دوای ئەوەی کە سکۆر و پارتەکانی کارەکەم بۆ ناردن ڕۆژی ١٨ی ٣ی ٢٠١٦ خۆشبەختانە توانیمان سەرکەوتووانە کارەکە ئەنجام بدەین.» (ئەنوەر قەرەداغی،٢٠١٦)

* دیارە لە بارەی ساڵی هۆنینەوەی ئەم شێعرە لەلایەن دڵدارەوە ڕای جیاواز هەیە و زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی ١٩٤٠ بە ساڵی نووسینی ئەو شێعرە، ناو دەبەن. هەر وەک لە سەر شوێنی نووسینی شێعرەکەش ڕای جیاواز هەیە.سەرچاوەی وا هەیە دەڵێ شاعیر ئەو کاتەی لە ڕۆژهەڵات لە بەندیخانەدا بووە، ئەم شێعرەی نووسیوە، هەشن دەڵێن شاعیر ئەو کاتە هەر لە عێراق لە بەندیخانەدا بووە، ئەم شێعرەی نووسیوە.

-----

# هۆکارەکانی بەرفراوانیی ژینگە و پانتایی سروودی ئەی ڕەقیب

## بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی

## لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا

## ٣

### (هۆکارەکانی بەرفراوانیی ژینگە و پانتایی سروودی ئەی ڕەقیب)

ڕابردوو و پێشینەیەک کە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» هەیەتی، یارمەتییەکی زۆری بە خۆشەویستی و وەرگیرانی لە لایەن ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە تایبەتی باشوور و ڕۆژهەڵات کردووە. «ئەی ڕەقیب» مارشی نەتەوەیی فەرمیی یەکەم دەوڵەتی مودێڕنی کوردی بوو.» پاش ئەوەی کۆماری کوردستان ئەم سروودە نەتەوەییەی کرد بە سروودی کۆمار، زۆربەی هەرە زۆری نەتەوەی کورد، ئەم سروودە بە سروودی نەتەوەییی خۆی دەزانێ و بۆ ڕێزگرتنی لە کۆبوونەوەکاندا، پێش دەستپێکردنی دەگوترێ و، بەشدارانی کۆبوونەوەکە، ئەوانە نەبێ کە پێیان شکاوە، لەبەری هەڵدەستن و بە بێدەنگی دەمێننەوە تا تەواو دەبێ، کە تەواو بوو چەپڵە لێدەدەن بۆی.» (جەماڵ نەبەز، ٢٠١٦)

بەو هۆیەوە کە کۆماری کوردستان ڕووگە و قیبلەی ئاواتە نەتەوەییەکانی کورد لە پارچەکانی دیکەش بوو، هەر ڕەمزێک و نیشانەیەکی نەتەوەیی پەسەند کردبا، تاکی کورد لە بەشەکانی دیکە بە ڕەمز و نیشانەی خۆشیان دەزانی. هەروا کە ئاڵای هەڵدراو لە کۆماری کوردستان، لە بەشەکانی دیکە بە چاوی ڕێزەوە سەیری دەکرا و بە پیرۆز دەزانرا، «ئەی ڕەقیب»یش بە هەمان شێوە، ئەوەی دەیبیست و دەیزانی کە ئەم سروودە مارشی کۆماری کوردستان بووە، بە هی خۆی دەزانی. ئەگەر چی دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و زاڵبوونەوەی دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا، لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا ساڵانێکی زۆر دەرفەت بۆ خوێندن و پێشکەشکردنی ئەو سروودە نەما، بەڵام لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی کورد (لە بەندیخانە بووبێ یا لە دوورە وڵاتی) «ئەی ڕەقیب» کە ئێستا ئیدی نۆستالژیای سەردەمی کۆماری کوردستانیشی تێکەڵ ببوو، بە هەمان ڕێز و خۆشەویستی مایەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە ساڵانی دوای نەمانی کۆماری کوردستان تەنیا ڕادیۆیەک کە سروودی ئەی ڕەقیبی بڵاو دەکردەوە، ڕادیۆی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو.» پاش ئەوەی پارلمانی ئێران مافی گەڕانی بە دوای نەوتدا لە باکووری ئێران بە سۆڤییەت نەدا، ئەوجا ستالین هەستی بە هەڵخەڵەتاویی خۆی کرد. بۆ تۆڵەسەندنەوە لە ڕێژیمی ئێران، پرۆگرامێکی ڕادیۆیی نهێنی بۆ ئازەرییە ڕاکردووەکان دامەزراند. ئەم ڕادیۆیە بەناوی «وێستگەی ڕادیۆی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان»ـەوە؛ ڕۆژانە بە سێ زمان گوتارەکانی خۆی بڵاو دەکردەوە. لە پێشەوە بە فارسی، ئەوجا بە ترکیی ئازەری، پاشان بە کوردی، ماوەی هەر یەکێک لەم زمانانە نیو سەعات بوو. کورت و کرمانجی، باسەکانی هەموو پروپاگەندە بوون بۆ ڕێژیمی سۆڤییەت و ستالین و دژ بە حکوومەتی ئێران. بەشە کوردییەکەی بە سروودی «ئەی ڕەقیب» دەستی پێدەکرد.» (جەمال نەبەز، ٢٠١٦)

سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان بووبێ، ژیانەوە وهەستانەوەی ئەی ڕەقیب وەک مارشی نەتەوەییشی لەگەڵدا بووە.» دوو ساڵ دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول، «ئیزگەی دەنگی کوردستانی عێراق» لە ٢٨ - ٩ - ١٩٦٣ دەست بە کار بوو.» (سالار عوسمان، ٢٠١٣)

هەر لە جێدا بوونی هەر ڕادیۆیەکی کوردیی سەر بە بزووتنەوەی نەتەوەی کورد، دەرفەت بووە بۆ بڵاوبوونەوە و ژیانەوەی سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی. چونکە سروشتی بزووتنەوەکە و ئەرکی ڕادیۆیەکە وای خواستوە سروودی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی بڵاو بکاتەوە و لەم ڕێگایەوە هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی کورد لە سەنگەرە جۆراوجۆرەکاندا بۆ خۆڕاگری و بەربەرەکانی هان بدا. دوای شکستی ١٩٧٥ی شۆڕشی کورد و دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ لە باشووری کوردستان، هەم یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و هەم پارتی دێموکراتی کوردستان، ئیزگەی ڕادیۆییان دامەزراند. دەنگی گەلی کوردستان کە ڕادیۆی یەکیەتیی نیشتمانی بوو لە ٢١ - ٣ - ١٩٧٩ کەوتە کار (جووتیار قادر کەریم،٢٠١٧). ئەگەرچی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، سروودی تایبەت بە خۆی هەبوو کە «مەشخەڵان» بوو، هەروەها لەگەڵ ئەوەی پارتی دێموکراتی کوردستانیش سروودی حیزبیی تایبەت بە خۆی هەبووە، بەڵام «ئەی ڕەقیب» یەک لەو سروودانە بووە لەم ڕادیۆیانە بڵاو بوونەوە.

ساڵی ١٩٧٩ شۆڕشی گەلانی ئێران سەرکەوت و کۆتایی بە تەمەنی ڕێژیمی شایەتی لە ئێران هێنا. گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتی بۆ ڕەخسا کە هەناسەیەک بە ئازادی هەڵ بکێشێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە لەو بەشەی کوردستان چالاک بوونەوە و بنکە و بارەگایان لە شارەکان کردەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک هەڵگر و درێژەدەری ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب»ی هێنایەوە نێو ژیان و تێکۆشانی ڕۆژانەی خۆی. جگە لەوەی کۆبوونەوە و کۆنفرانس و کۆنگرەکانی حیزب بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب

«دەکرانەوە، لەو متێینگانەش کە بە بەشداریی خەڵک پێک دەهاتن، هەروەها لە جێژن و بۆنە نەتەوەیی و حیزبییەکاندا، خوێندنەوەی سروودی «ئەی ڕەقیب» بوو بە نەریت. چالاک بوونەوەی ڕێکخراوە سینفییەکانی وەک یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و کۆبوونەوەی توێژەکانی لاوان و ژنان لە دەوریان و، دەستپێکردنی کۆبوونەوە و بەرنامەکانیان بە سروودی «ئەی ڕەقیب» ڕێزی ئەم سروودەی لە نێو توێژەکانی خەڵکدا بەرەوژوور برد و پەیامی نەتەوەیی و بەرگریخوازانەکەی زیاتر لە پێشوو بردە نێو خەڵک.

لەم قۆناغە لە ژیانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چەند هۆکار وایان کرد نەک هەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڵکوو کورد بە گشتی لە ئێران زیاتر لەگەڵ ئەم سرووده نەتەوەییە و مێژوو و هێما و دەسکەوتەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد ئاشنا بن. بۆ ماوەی چەند ساڵێک نەک هەر هەزاران گوند بەڵکوو چەندین شار و شارۆچکەش لە سێ پارێزگای ورمێ، سنە و کرماشان لە کۆنترۆڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دیکەدا بوون و ببوون بە ناوەندی چالاکیی جۆراوجۆری ئەوان. ئەگەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، چەقی بزووتنەوەکە و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بە زۆری ناوچەی موکریان بوو، ئەمجارە تێکۆشانی ئەم حیزبە نەتەوەییە بۆ پارێزگەکانی سنە، کرماشان و ئیلامیش پەلی هاویشت و لە پارێزگەی ورمێش بۆ لای سەڵماس و خۆی و ماکۆ هەڵکشا.

لە ساڵەکانی ١٩٨٠ - ١٩٨٢ قوتابخانەکانی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکان لە لایەن حکوومەتی نوێی ئێرانەوە داخرابوون. حیزبی دێموکراتی کوردستان، «کۆڕی پەروەردە و فێرکردنی سەرانسەریی کوردستان»ی پێک هێنا، خولی تایبەتی بۆ مامۆستایان کردەوە، کتێبی خوێندنی بە زمانی کوردی چاپ کرد ولە قوتابخانەکانی ناوچە ئازادەکان خوێندنی بە زمانی کوردی وەڕێ خست. هەموو بەیانانیش قوتابییان بەر لەوەی بچنە نێو پۆلەکان، بە تێکڕایی سروودی ئەی ڕەقیبیان دەخوێندەوە.

هاوکات لە جۆزەردانی ١٣٥٩ (ژوئەنی ١٩٨٠وە)، «ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران» کە ڕادیۆی حیزبی دێموکرات بوو، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی. ئەم ڕادیۆیە کە بە دوو زمانی کوردی و فارسی و بۆ ماوەیەک بە زمانی تورکیی ئازەریش بەرنامەی ئامادە دەکرد، دوو جار لە شەو و ڕۆژدا بەرنامەکانی بڵاو دەکردەوە، هەموو جارێش بەرنامەکانی بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەست پێدەکرد. (عەبدوڵلا حەسەنزادە، ٢٠٠٢، ٢٠٣) هەم لە ڕێگای ڕادیۆوە، هەم بە هۆی خوێندن و قوتابخانەوە، هەروەها بە هۆی متینگی سیاسی و ئەو بەرنامە هونەرییانەی بۆ خەڵک و بە بەشداریی خەڵک پێک دەهاتن، سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب بە گوێی خەڵک و بیری خەڵک ئاشنا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕووداوەکـــانی دەیەی ٩٠ی زایینـــی و بە تـــایبەتی ڕاپەڕیـــن و پێکهـــاتنی پارلمـــان و حکـــوومەتی کوردســـتان، دروســـتبوونی ستاتوویەکی سیاسیی دانپێدانراو بۆ کورد لە باشووری کوردستانیان لێ کەوتەوە. بە فەرمی ناسرانی «ئـاڵای کوردستان» و سروودی «ئەی ڕەقیب « وەک مارشی نیشتمانی لە لایەن پارلمـان و حکوومەتی هەرێمەوە، و کـار پێکردنیـان لە چـالاکیی ڕۆژانە و بایەخ پێدانیان لە ڕاگەیەنەکان بە تایبەتی کانـاڵە تەلەڤیزیۆنییەکـان، سنووری ڕێـز و خۆشەویسـتی و بەڕەسمی ناسینی ئەم ئـاڵا و سرووددەیان گەورە کـردەوە. بە جۆرێـک کە هێـزە سیاسییەکانی پـارچەکـانی دیکەی کوردسـتان، کـورد لە وڵاتـانی جۆراوجۆری جیهان ئەم دوانەیان کردە هێمای نەتەوەیی و هاوبەشی خۆیـان. ئەم دوو هێمـایە بە شێوەی جۆراوجـۆر لە ژیانی ڕۆژانەی کورد لە شوێنە جۆراوجۆرەکاندا بە تۆخی دەبینرێن. ئەوەش کە ئاخێوەرەکانی دیالێکتە جیاوازەکانی کـورد سروودی نەتەوەیـی «ئەی ڕەقیب»یـان بـۆ سـەر دیـالێکتی خۆیـان گۆڕیـوە، جـۆرێکە لە هـۆگری بەم سرووده و وتـنەوەی بە دیالێکتیک کە باشتر لە نێوەرۆکەکەی بگەن.

-----

## بۆچی «ئەی رەقیب» بێ بەدیل ماوەتەوە؟()

### بەستێنی بوونی «ئەی ڕەقیب» بە مارشی نەتەوەیی، لە کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا

### (بۆچی «ئەی رەقیب» بێ بەدیل ماوەتەوە؟)

### ٤

سـروودی نەتەوەیـی «ئەی ڕەقیـب» هەتـا هـاتوە ژمـارەی هـۆگرانی زیـاتر بـووە و جـێگە و پێگەیەکـی باشـتری لە نێـو نەتەوەکەیدا بۆ خـۆی وەدەست هێنـاوە. قبـووڵکران و وەرگیرانـی وەک مارشـی نەتەوەیـی لە لایەن دوو حکوومەتی کـوردی لە دوو سەردەمی جیـاوازدا، ئیعتیبـار و پرسـتیژێکی تـایبەتی پێداوە. ئەگەر بمـانەوێ وردتـر بچینە سەر هۆیەکـانی مـانەوە و وەرگیرانی وەک سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی، دەبێ هەم هەڵوێسـتە لە سەر لایەنە مێـژووییەکەی بکەیـن، هەم وەک خـۆی (وەک سروودێک) بابەتیانە، تایبەتمەندییەکانی هەڵبسەنگێنین.

بەر لە هەر شتێک دەبێ ئەم ڕاستییەمان لە بیر بێ کە ئەو دۆخەی ئەم دەقەی تێدا لە دایک بووە،کە بندەستیی نەتەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد و داگیرکراویی کوردستان و بێبەشی نەتەوەی کورد لە سەربەستی و دەوڵەت و کیانی خۆی بووە، بە داخەوە هەتا ئێستاش باشووری کوردستانی لێ دەرچێ (ئەویش تا ڕادەیەک) لە هەمووی هەر وەک پێشووە. ئێستاش داگیرکەرانی کوردستان و نەیارانی گەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی و مافە نەتەوەییەکانی لە پیلانگێڕی و لەشکرکێشی دان و بە هەموو توانایانەوە خەریکن کورد لەم دۆخەی ئێستا و لە ڕۆژڕەشی و بندەستیدا بێڵنەوە. لە ڕاستیدا هەتا ئێستاش لە ڕووی پەیام و نێوەرۆکەوە ئەم سروودە» زمانی قسەکردنی کوردە لە شەڕی مان و نەماندا و بوونی بەقەد بوونی هەوا پێویستە بۆ هەر میللەتێک کە دووچاری چەوساندنەوە بێ.»( نەوا مکورجی، ٢٠١٥)

مەبەست لە هەڵوێستە کردن لە ڕووی مێژووییەوە لەسەر ئەم سروودە ئەوەیە کە زیاتر لە ٧٠ ساڵە، «ئەی ڕەقیب» بووە بە زمانحاڵی شۆڕشگێڕان و تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی کوردستان لە مەیدانە جیاوازەکانی بەرگری و بەرخۆداندا. دوایین نامە و دوایین نەعرەتەی ڕۆڵە بەندکراوەکانی ئەم نەتەوەیە لەو کاتەیدا کە بردوویانن بۆ بن پەتی سێدارە، یا دروشمیان لە کاتی بەرپەرچدانەوەی پەلاماری داگیرکەران و هێرشبردن بۆ سەریان، دێڕەکانی ئەم سروودە بووە. «سرودی ئەی ڕەقیب کۆکراوەی داخوازی و ئیرادەی مێژوویی و ئێستای گەلەکەمانە سەبارەت بە جەختکردنەوەی لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنوس و دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانیی کوردستان... سەدان تێکۆشەر لە وتنی ئەم سروودە لە قوربانیدان سڵیان نەکردۆتەوە و ڕووبەرووی ڕێژێمە دیکتاتۆرییەکان بونەتەوە، و پێشوازییان لە مەرگ کردوە.» (کاوە مەحموود، ٢٠١٧)

ئەوەندەش کە دەگەڕێیتەوە سەر خودی دەقەکە، لەگەڵ ئەوەی وەک دەقێک بۆ سروود یا مارشی نەتەوەیی و نیشتمانی بێ کەموکووڕی نییە، بەڵام کۆمەڵێک تایبەتمەندییشی تێدایە کە هەر دەقێکی دەستنیشانکراو بۆ مارش پێویستە تێیدا بێ. ئاماژە بۆ فیداکاری و قوربانیدانی نەتەوە لە ڕابردوو لە پێناوی مانەوەی خۆیدا، دەربڕینی ئامادەیی لاوانی کورد بۆ بەرگری لە نەتەوە و نیشتمانی خۆیان، نیشاندانی ورە و ئیرادەی ڕۆڵەکانی نەتەوە بۆ شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵاکەیان، لەو بابەت و چەمکانەن کە لە دەقی ئەم سروودەدا هەن. ئەم چەمک و مەبەستانە بۆ نەتەوەیەک کە لە قۆناغی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە ڕزگاری دایە، پێویستن، تەنانەت ئەو کاتەش کە کورد لە بندەستی و خاک داگیرکراوی ڕزگاری دەبێ، نیشاندانی ئیرادەیەکی بەهێز بە دوژمنان و نەیاران کە چاوی دیتنی سەربەستی و بەختیاریی کوردیان نییە، هەر پێویستە. وەک بە کردەوە دەبینین بە هۆی ئەم تایبەتمەندییانەوە ئەم سرووده لە هەموو پارچەکانی کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی وەرگیراوە. «سروودی ئەی ڕەقیب تەنها موڵکی کوردستانی باشوور نییە، بەڵکو موڵکی هەموو کوردێکە و بە پیرۆزی دەزانێ. زۆرینەی براکانمان لە باکوور هاوڕانین لەگەڵ ئەو ئاڵایەی ئێستا لە باشوور ئەشەکێتەوە، بەڵام ئەی ڕەقیب پیرۆزە لایان.»(ئامانج عەلی،٢٠١٢)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەی ڕەقیب وەک دەق و وەک سروودی نەتەوەیی یا نیشتمانی بەرەوڕووی کۆمەڵە ڕەخنەیەکیش بۆتەوە. دیارە ئەگەر سەرجەمی دەقە کرابا بە سروود و هێندێک بەیتی لێ لانەدرابا، ئەو کات وتنی سروودەکە ماوەیەکی زیاتری دەخایاند. دیارە مارش یا سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی نابێ درێژ بێ و دەبێ لە ماوەیەکی دیاریکراو تێ نەپەڕێ. ڕەخنەیەکی دیکە ئەم دێڕە لە دەقەکەیە کە دەڵێ : «ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین.» د.کەمال مەزهەر مێژوونووسی دیاری کورد پێی وایە مێدیەکان دەوری دووهەمیان هەبووە لە دروستبوونی نەتەوەی کورد. گەلانی وەک لولو و گۆتی و سۆباری گەلانی ناوچەکە بوون و لەهیچ شوێنێکی دیکەوە بۆی نەهاتبوون، ئەمانە ڕۆڵی سەرەکییان لە دروستبوونی نەتەوەی کورددا بینیوە. «(کەمال مەزهەر، ٢٠١٦)

هەروەها ئەم ڕەخنەیەش هەیە کە میدیا و کەیخوسرەو دەکەونە ئەو قۆناغە لە مێژوو کە قۆناغی ئوستوورەیی پێ دەگوترێ و ناکرێ بۆ نێوەرۆکی مارشی نەتەوەیی پشتی پێ ببەستین. ئوستوورە مێژویەکی زۆر کۆنە و بە خەیاڵ دەچییە سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی، بەڵام باستان (دێرین) خەیاڵی نییە و مێژووی گەل و وڵاتێکە کە زانایان و شارەزایان بە لێکۆڵینەوە ساغیان کردۆتەوە.» (هەورامان سالار ڕۆژهەڵاتی،٢٠١٢)

هەر لە ڕووی نێوەرۆکەوە ئەم ڕەخنەیە لە دەقی سروودی ئەی ڕەقیب هەیە کە باس لە کورد دەکا نەک سەرجەم دانیشتووانی کوردستان کە چەندین کەمایەتیی نەتەوەیی دیکەشی لەسەر دەژین. هەر لەم ڕوویەشەوە، هەڵبژاردنی سیفەتی «نیشتمانی» بۆ ئەم سرووده بە نادروست دەزانن و پێیان وایە ئەمە سروودی میللییە نەک نیشتمانی. ئەمەش بە جێی خۆی کە لە سروودی نەتەوەییدا، کورد وەک «قەوم» ناوی دەبرێ کە دیارە کورد نەتەوەیە نەک قەوم و زۆر قورسە کە نەتەوەیەک لە سروودە نەتەوەییەکەیدا، خۆی بە قەوم پێناسە بکا.

لەم ساڵانەی دواییدا، ئەی ڕەقیب بەرەوڕووی جۆرێک دژایەتی و ڕەتکردنەوەش بۆتەوە. بوونی دوو دەستەواژەی «نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان» و «دینمانە ئایینمان، نیشتمان» بە گوێرەی ڕاڤەی هێندێک لایەن، ئەمانە لەگەڵ پیرۆزییەکانی دین لە ناتەبایی دان. دیارە دەستەواژەی یەکەم «دانە»یە نەک «دانەر» و ئەگەر تۆپی زەمان وەک چەرخی زەمان (چەرخی گەردوون) لێک بدەینەوە، ئاشکرایە چەرخ دانە(دندانە)ی هەیە. خۆ ئەگەر تۆپی زەمان، وەک تۆپ (تۆپی شەڕ) تێ بگەین، ئەو کات دانە، مەبەست ئەو گوللانەیە کە پێی دەهاوێژرێن. بۆیە گومانی دژایەتیی دین بە هاسانی دەکرێ لەم دەستە واژەیە بڕەوێنرێتەوە. هەر چی دەستەواژەی دووهەمیشە، هیچ گومانی تێدا نییە بۆ بێڕێزی بە دین و ئایین نەهاتوە. بە پێچەوانەوە شاعیر مەبەستی ئەوە بووە کەنیشتمانپەرستی و بەرگری لە نیشتمان بە ڕادەی ئایین بە لای لاوی کوردەوە پیرۆزە. ئەمەش بە جێگای خۆی کە «ئایین» هەم لە زمانی فارسی و هەم لە زمانی کوردی بە واتای ڕێوشوێن و مراسیمیش

دێت. (جەماڵ نەبەز، ٢٠١٦)

بێگومـان لە ڕووی مۆزیکەکەشـیەوە، «ئەی ڕەقیـب» لە ڕەخـنەی شـارەزایان بە دوور نەبـووە. ئەمە نمـوونەیەکە لەو ڕەخنانە:

«ئەم سرووده لەڕووی فۆڕمەوە فۆڕمی (A-B) هەیە. واتە کۆپلەی یەکەم کە بە (A) ناوزەدی دەکەین:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کوردزمان
نایشکێنێ دانەری تۆپی زەمان

پاشان کۆپلەی دووەم کە بە (B) ناوزەدی دەکەین:

کەس نەڵێ کورد مردوە کورد زیندوە
زیندوە و قەت نانەوێ ئاڵاکەمان
ئەم فۆڕمە چەند جارێک لەگەڵ هەموو کۆپلەکانی دیکەدا دووبارە دەبێتەوە. وەک
"قەومی کورد هەستایە سەرپێ وەک دلێر هتد"
کە هەر دووبارەبۆوەی (یە. پاشان دووبارەکردنەوەی
«کەس نەڵێ کورد مردوە هتد»

دووبـارەکردنەوەی (B)یە. خـودی ئەم فـۆڕمە فـۆڕمێکی کـۆنی گـۆرانی یـان سـرووده لە مێـژووی مۆزیکـدا، هـاوکـات فـۆڕمێکی لاوازیشە. ئەگەر مۆزیکدانەرێکی ڕاستەقینە مۆزیکێک یـان گـۆرانییەک یـان سـروودێک لەم فـۆڕمەدا بنووسـێ؛ هیچ نەبێت بە زیـادکردنی هـارمۆنی و کەمێک درێـژەدان و ئـاڵۆزکردن یان بونیـاتنـان (دیڤیلۆپمێنت) لە کـۆپلە جیـاوازەکـانی فۆڕمەکەیـدا بێت یان بە مۆدولەیشنی کاتیی یان مۆدولەیشنی تەواو قەرەبـووی لاوازیـی فـۆڕمەکەی دەکـاتەوە و بەرگێکـی هـونەریی پۆشـتەتری بۆ لەبەر دەکا.

ئەوەمان لەیاد نەچێ، کۆپلەکانی شیعرەکە کورتن، ئەمە ڕێخۆشکەرە بـۆ چەنـدین دووبـارەکردنەوەی فـۆڕمەکە زیـاد لە چەنـد جارێـک (کە تـا ڕادەیەک دەبێـتە هـۆی وەڕسبوون لەوەی کە هەمیشـە چـاوەڕێی گـۆڕانکـارییەک دەبـی بەڵام هەر هەمـان فـۆڕم دووبارە دەکرێتەوە). بەڵام ئەم دووبـارەکردنەوە وەڕسکەرە وایکردوە کە سروودی ئەی ڕەقیب سروودێکی ئـاسان بێت بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆزینەوەی میلۆدییەکەی. (نەوا مکورجی،٢٠١٥)

لەگەڵ ئەم جۆرە ڕەخنانەشدا سرووودی «ئەی ڕەقیب» هەتا هاتوە زیاتر لە دڵ و هەست و بیری تاکەکانی کوردستاندا جێی خۆی کردۆتەوە. «ئەی ڕەقیب» ئەو چەترەیە کە توانیویێتی هەموان لە ژێر سێبەری خۆیدا کۆ بکاتەوە. ئەم ڕاستییەش نابێ ئێمەی کورد بە تایبەتی شارەزایان و دامەزراوە پێوەندیدارەکان لەوە غافڵ بکا کە پێویستە بە گوێرەی نیازی سەردەم و بۆ ئەوەی هەر چی زیاتر ئەم سرووده ببێتە زمانحاڵی هەموو تاکەکان، پێویستە نوێ بکرێتەوە. بەم پێیە ئەم قسەیە لە جێی خۆی دایە کە «دەستهەڵگرتن لە (ئەی ڕەقیب) دەستهەڵگرتنە لە نیشتمانێکی ڕووحیی فراوان و مەزن، کە هیچی لە نیشتمانی سەر کاغەز و جوگرافیا کەمتر نییە. ئەگەر دەستهەڵگرتن لە شارێک یان دێیەکی کوردستان هەتیوبوونی ئەو شار و دێیە، یان هەتیوبوونی پارچەیەک بێ لە خاکی وڵات، دەستهەڵگرتن لە سرووودی ئەی ڕەقیب دەستهەڵگرتنە لە نیشتمانێکی رووحی کە لە دەروونی هەموو کوردێک دایە، کە لە خانەکانی مێژوودا جێگای خۆی هەیە و بۆشاییەکی گەورە جێ دەهێڵێ.».»(جەبار جەماڵ غەریب، دڵدار، ٢٠١٧)

## ئەنجام:

١- نەتەوەی کورد، وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی جیهان، لەگەڵ ئەوەدا بووە، کە تایبەتێتی نەتەوەیی و ئەدەبی و سیاسی،... تاد خۆی هەبێ و ئەم ئارەزووەشی لە چەند هەوڵێکی بەرەوە سەربەخۆبوونیدا دەردەکەوێ.

٢- سرووودی «ئەی ڕەقیب»، تا ئەندازەیەکی باش ئەرکی خۆی وەک سرووودیکی نەتەوەیی ڕاپەڕاندوە، بەتایبەتی لە کۆکردنەوەی بەشێکی زۆری تاکی کورد لە دەوری خۆیدا.

٣- ئەی ڕەقیب وەک دەقێکی شێعری، بۆ سرووودی نەتەوەیەک نەنووسراوە، بەڵام باسکردن لە قوربانیدان و خەبات و شانازییەکانی نەتەوەی کورد، ئەوی وەک دەقێکی ناواز و بێ بەدیل هێشتۆتەوە. ئەگەر هەوڵێک هەبێ بۆ نوێکردنەوە و گونجاندنی سروودەکە لەگەڵ سەردەم_نوێکردنەوە لە ڕووی میوزیک و پێشکەشکردنی هونەرییانە، هەروەها گۆڕینی چەند برگە و دەستەواژەیەک،کە نەبێتە هۆی شێوانی، ئەم سرووده جێگە و پێگەی خۆی لە داهاتووشدا دەپارێزێ.

٤- لە ڕێگای قوتابخانەکان (سیستەمی پەروەردە و فێرکردن)ڕاگەیەنەکان، و ڕێگا و شێوازی ئەمڕۆیی جۆراوجۆر، پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێ بۆ ڕاکێشانی سەرنج و خۆشەویستیی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ لای سرووده نەتەوەییەکەیان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٥، ٢١ی ئەپریلی - ٦، ٢٢ی مای ٢٠١٩



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەڤپەیڤینێک لە گەڵ زیندەیاد جەلیل گادانی لەبارەی سروودی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان‌دا

### ئاماژە:

**ئەم وتووێژەم کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٧ بە مەبەستی وەرگرتنی زانیارییەکانی زیندەیاد کاک جەلیل گادانی لەبارەی جێگە وپێگەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا، پێک هێناوە. وتووێژەکەم لە ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٦دا بە ئیمزای کاک جەلیل گەیشتە دەست. دیارە لە کاتی خۆی و لەجێی خۆیدا سوودم لەو زانیارییانە وەرگرت و توێژینەوەکەی خۆم کە بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر ئامادەم کردبوو، پێ دەوڵەمەند کرد.**

**لە یەک ساڵەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە خەباتکار و ماندوویی نەناسەدا، وەک پێزانین و ڕێزگرتن لە یادی کاک جەلیلی خۆشەویست بە باشم زانی وتووێژەکە لە "کوردستان"دا بڵاو بکەمەوە و بیخەمە بەرچاوی خوێنەران.**

**قادر وریا**: بەڕێز کاک جەلیل! لەگەڵ سڵاو و ڕێز! جەنابت شاهیدێکی عەینیی پێکهاتنی کۆماری کوردستان و خزمەتەکانی لە ماوەی تەمەنی کورتیدا بووی. بۆ توێژینەوەیەکی خۆم لە بارەی سروودی ئەی ڕەقیب -بۆ کۆنفرانسی یادی ١٠٠ ساڵەی دڵداری شاعیر کە زانکۆی کۆیە لە مانگەکانی یەکەمی ٢٠١٨دا بەڕێوەی دەبا - پێویستم بە هێندێک زانیاری هەیە. هیوادارم بەڕێزت بتوانی وڵامی پرسیارەکانم لە پێوەندی لەگەڵ ڕەوتی پەسندکرانی "ئەی ڕەقیب" وەک سروودی نەتەوەیی لەو کۆمارەدا، هەر وەها چۆنیەتیی بەکارهێنانی سروودەکە لە بۆنە و ڕێوڕەسمەکانی ئەو سەردەمدا بدەیەوە. پرسیارەکانم ئەمانەن:

بۆچی بەڕێوەبەرانی کۆمار، شێعری "ئەی ڕەقیب"ی دڵداریان وەک سروودی نەتەوەیی هەڵبژارد؟ ئایا لە کۆماردا شێعری دیکە و سروودی دیکەش مەترەح بوون کە بکرێن بە سروودی نەتەوەیی؟ چۆن بوو "ئەی ڕەقیب"یان سەرئەنجام کردە سروودی نەتەوەیی؟

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی ئێوەی بەڕێز لە زەمانی (ژ - ک)دا، سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" زیاتر باو بوو، و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زۆر کۆڕ و کۆبوونەواندا دەخوێندرایەوە. بەڵام عەقڵی ئەو دەمی منداڵیی من بڕی نەدەکرد لەو شتانە بکۆڵمەوە. لاموایە چونکو پێویست بوو کوردایەتییەکە بەهێز بکرێ و ئەو شێعرەش کوردایەتیی تێدا بەهێزە، بۆیە هەڵبژێردراوە و کراوەتە سروود. ڕەنگە زۆریشی موناقەشە لەسەر کرابێ تا ساغ بوونەوە ئەوە بکەن بە سروودی نەتەوەیی. دیارە جگە لە سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی"، " شاخی ڕەنگاوڕەنگی کوردان"یش وەک سروودی "نیشتمانم ڕەنگینە، بەهەشتی سەر زەمینە" زۆر لە ئارادا بوون، بەڵام "ئەی ڕەقیب" پەسند کراوە. دوور نییە دەوری "مامۆستا محەممەد تەوفیق وردی"، "بەکر حەویزی" و "نووری ئەحمەد تەها"ش کە خەڵکی کۆیە بوون و لە مەهاباد دەژیان و مامۆستا و بەرپرس بوون کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی ئەو شێعرەش وەک سروود بووبێ.

**قادر وریا**: ئەو بۆنە و ڕێوڕەسمانەی کۆماری کوردستان کە سروودی "ئەی ڕەقیب"یان تێدا پێشکەش دەکرا (سیاسی و دیپلۆماتیک، نیزامی، فەرهەنگی و هتد) کامانە بوون؟ سروودەکە هەر یەک کەس دەیخوێندەوە یا کۆرس پێشکەشی دەکرد؟ ئامادەبووان لە کاتی ئیجرای سروودەکەدا، چیان دەکرد؟ هەڵدەستانە سەر پێ؟

**جەلیل گادانی**: لە بۆنە ڕەسمییەکاندا بە کۆرس دەخوێندرایەوە و بەتایبەتی لە ڕێوڕەسمە گەورەکاندا دەگەڵ مۆسیقایەکی بەهێز دەخوێندرایەوە، لە مەدرەسەکان بەیانیان پێش چوونی نێو کلاس بە تێکڕایی دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، پاشان بەرەو کلاسەکان دەچوون. هەمووکات کە سروودی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ دەکرا، خەڵک هەڵدەستانە سەر پێ.

**قادر وریا**: لە قوتابخانەکانی سەردەمی کۆماری کوردستاندا، ئایا هەموو ڕۆژێ سروودی "ئەی ڕەقیب" لە لایەن قوتابییانەوە دەخوێندرایەوە؟ چ ڕێوشوێنێک لە کاتی خوێندنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"دا بەڕێوە دەچوو؟ ئایا لەگەڵ مەراسمی هەڵکردنی ئاڵا، سروودی "ئەی ڕەقیب" دەخوێندرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: لە سەرەتادا باو نەبوو لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێتەوە، بەڵام دواتر قوتابییەکان ڕاهێنران کە هەموو بەیانیان بە فەرمانی ناظمی مەدرەسە و ژماردنی ١-٢-٣ بە تێکڕای دەنگی قوتابیان دەخوێندرایەوە، هەڵکردنی ئاڵای دەگەڵ نەبوو چونکو ئاڵا هەمووکات لەسەر بانی شوێنە حکوومی و مەکتەبەکان هەڵکرابوو، دەلەرییەوە.

**قادر وریا**: هەیئەتەکانی دەوڵەتی جمهووریی کوردستان، چەند جار سەردانی تەورێز و ئازەربایجانیان کردووە، هەروەها چەند جاریش هەیئەتی ئەوان هاتووە بۆ مەهاباد. ئایا لە کاتی دیداری هەیئەتەکاندا سروودی هەر دوو لا پێشکەش دەکرا؟ ڕێوڕەسمەکانی خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی هەر دوولا، چۆن و چی بوون؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەی دیارە و نووسراوە دووسێ جار هەیئەتی ڕەسمیی حیزبی دێموکرات چوونەتە تەورێز، بەڵام لە هاتنی هەیئەتی ئازەربایجان بۆ مەهاباد ئاگادار نیم. ئەو چەند سەحنەی کە لە سەردانی لێژنەی حیزبی دێموکرات بۆ ئازەربایجان دەردەکەون و کەمێکی فیلم هەیە وێناچێ سروودی نەتەوەیی خوێندرابێتەوە، ئەگەر واش بووبێ من ئاگادار نیم، چونکو ئەوان لە بنەڕەتدا لەگەڵ پێکهاتنی کۆماری کوردستان موافق نەبوون، ڕەنگە سروودەکەشیان بۆ گرینگ نەبووبێ، سروودی ئەوانیشم نەبیستووە و لەبیرم نییە.

**قادر وریا**: ئەو دەقەی "ئەی ڕەقیب" کە سەردەمی کۆماری کوردستان وەک سروودی نەتەوەیی پێشکەش دەکرا، لەگەڵ دەقی ئێستای ئەو سروودە، چ جیاوازییەکی هەبوو؟ وەک لەبیرت بێ ئەوکات کام بەیتی شێعری ئەی ڕەقیب دەخوێندرایەوە و ئێستا لە سروودەکەدا نییە؟ یا کام یەک لە وشەکان ئەوکات جۆرێکی دیکە بوون و ئێستا گۆڕانیان بە سەردا هاتووە؟

**جەلیل گادانی**: پێم شک نایە لە وشەدا شتێک گۆڕابێ، ئەوکات کە ئەو سروودەیان بە ئێمە ڕەوان دەکرد، هەر وەک ئێستا بوو بەڵام شێعری "ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین، دینمانە ئایینمانە نیشتمان"یشمان دەگەڵ دەکوت. ئێستا ئەو شێعرە زۆرجار ناخوێندرێتەوە.

**قادر وریا**: کێ ئاهەنگی سروودی "ئەی ڕەقیب"ی دانا؟ وەک بزانی پێشتر سروودەکە ئاهەنگی تایبەت بە خۆی هەبوو و لەسەر هەمان ئاهەنگ، لە کۆماردا پێشکەش دەکرایەوە؟

**جەلیل گادانی**: ئەوەندەی ئەمن بزانم ئەو سروودە تا زەمانی کۆمار نەکراوەتە سروود [ئەو سەردەم لە مەهاباد] عەلی تابانی بەشی مۆسیقای لە تەورێز تەواو کردبوو، هەروەها "مەحموودی وەلیزادە" هەبوو کە لە بەشی کشتوکاڵدا خوێندبووی بەڵام ویلونیست بوو و دوایەش بوو بە وەزیری کشتوکاڵی کۆمار، جگە لەو دووانە "میرزا مینەی ڕەحیمی" باوکی چەکۆ (سەروان چەکۆ ڕەحیمی)، مستەفا جەننەتی، مەجید و هاشم و چەند کەسی دیکەش مۆسیقاژەنی هێزی پێشمەرگەبوون کە پێشتریش لە سپای ئێراندا ئەو کارەیان کردبوو. من بەش بە حاڵی خۆم فکرم بۆ دوو نەفەری هەوەڵ "عەلی تابانی" و "مەحموود وەلیزادە" دەچێ کە لە دانانی ئاهەنگەکەدا ڕۆڵیان بووبێ.

**قادر وریا**: لە مەهابادی پێتەختی کۆمار، ڕادیۆ هەبوو. وەک بیستوومە چەند جارێکیش فیلم پێشان دراوە. ئایا لەو ڕادیۆیەی ئەوکاتدا، سروودی "ئەی ڕەقیب" پێشکەش دەکرا؟ ئەدی لە کاتی پێشاندرانی فیلم، یا لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆی "دایکی نیشتمان" سروودی ئەی ڕەقیب خوێندرایەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**جەلیل گادانی**: ڕادیۆ هەبوو، ڕۆژی کرانەوەکەشی لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا نووسراوە، ئێستا لەبیرم نییە لەو ڕادیۆیەدا جگە لە هێندێک وتاری سیاسی و جارجار ئایینی، هەموو جۆرە سروودی ئەو سەردەم دەخوێندرایەوە. ئەو ڕادیۆیە وەسڵ کرابوو بە چەند بڵێندگۆی گەورە، لە لای "شارەوانیی کۆن" و "مزگەوتی حاجی ئەحمەد"، لە "چوارچرا" لە نیزیک ماڵی پیشەوا، لە نیزیک "مزگەوتی هەباس ئاغا" واتە چوارڕای ئازادیی ئەمڕۆ. خەڵک بەتایبەتی ئێواران کە خەبەر بڵاو دەبووەوە لە لای ئەو بڵێندگۆیانە ڕادەوەستان و گوێیان لە خەبەران دەگرت، ڕادیۆیەکە بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و سروودیشی هەبوو. مانگێ جارێک کۆڕی سروودی مەدرەسەکان بە نۆبە دەچوون لە ئێستگەی ڕادیۆ بەرنامەی سروود خوێندنەوەیان هەبوو، سروودی "ئەی ڕەقیب" و زۆر سروودی دیکەش دەخوێندرایەوە. وەبیرم دێ چەند جارێک سینەمای سەییار بە ماشینێکی تایبەت دەهات لە "چوارچرا" یا لە حەساری دوخانیەی کە زۆر گەورە بوو فیلمیان نیشان دەدا. چەند جارێکیش تیمی شانۆی ئازەربایجان و یەک دووجاریش تیمی ئاکرۆباتبازانیان هاتن، هەر لەو حەوشە و لە حەوشەی دەبیرستان (کە دوایە بەینێک ماڵە شێخ ئەحمەدی بارزان، پاشانیش بوو بە شوێنی بنەماڵەی یەکەم فەرماندەی تیپ یا سوپا) بەرنامەیان بەڕێوە برد. بەڵام وەک لە ڕۆژنامەی کوردستاندا نووسراوە "جەعفەر کەریمی" ئیمتیازی دانانی سینەمای لە حەوشەی دوخانیە وەرگرتبوو و سینەمای دانابوو و لە ڕۆژنامەی"کوردستان"دا لە خەڵک دەعوەت کراوە بچن بۆ سینەما. پاشان جێگایەک هەر لە نزیک ئەو شوێنە دیاری کرا کە ساختومانی تایبەت بە سینەمای لێ دروست کەن، هێندێک چیمەنتۆ و شتی ئاواشی لێ ڕۆکرد بەڵام بەداخەوە دروست نەکرا و ئەرتەش هاتەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو جێگایە بوو بە "سینەما ئومید"ی "کاک عومەر قازی" کە کونگرەی چواری تێدا گیرا. ئەوکات خوێندنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب لەو شوێنانە وەک سینەما و شانۆ باو نەبوو.

**قادر وریا**: دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی، یا لە بەندیخانە، هیچ کات سروودی " ئەی ڕەقیب "تان دەخوێندەوە؟ دەکرێ ئاماژە بەو بۆنە و حاڵەتانە بکەی کە دوای ڕووخانی کۆمار، سروودی "ئەی ڕەقیب"ی تێدا خوێندرابێتەوە و بۆ خۆشت تێیدا بەشدار بووبی؟

**جەلیل گادانی**: دوای ڕووخانی کۆمار نە لە کۆبوونەوەی حیزبی و نە لە بەندیخانە و بۆنەیەکدا ئەم سرووده نەدەخوێندرایەوە، بەڵام ڕادیۆیەکی سڕی هەبوو کە لە پێشدا "دوکتور سوڵتان وەتەمیشی" کە لەو کەسانە بوو بۆ خوێندن بەڕێ کرابوونە باکۆ و لە پێشداش "مامۆستا" بوو، هەروەها دواتر کە "حەسەن قزڵجی" و "کاک کەریم حیسامی" خەبەر و وتاریان لەسەر دەخوێندەوە هێندێک جار دایان دەنا و بە گوێ دەگەیشت، بەڵام پێش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، چەن جارێک لە تاران، [بە تایبەتی دوای] سەرکەوتنی شۆڕش پاش ئەوەی حیزب، ڕێکخراوەکانی لە شارە جوراوجورەکانی ڕۆژهەڵات ڕێکخستەوە و هێزی پێشمەرگە پێک هات و زیاتریش دوای شەڕی سێ مانگە، ئەو سرووده هاتەوە گۆڕێ، وای

لێهات لە باکووری کوردستانیش بە زاراوەی کرمانجی کەوتە سەر زاران و لە یەکەم تەلەویزیۆن کە ئەوان دایاننا بە ناوی "میدیا تی وی"ـەوە خوێندرایەوە.

**قادر وریا**: لەگەڵ ڕێز و سپاسی زۆرم بۆ هاوکاریت لەم پێوەندییەدا، تکایە هەر زانیارییەکی دیکە لە بارەی ڕۆڵی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە کۆماری کوردستان و لە خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەتە و لەم پرسیارانەدا نەورووژێندراون، مەمنوون دەبم بۆم بنووسی و ئاماژەی پێ بکەی.

**جەلیل گادانی**: بۆ ئاگاداریی جەنابت چەند مانگ لەمەوبەر گڵکۆی دڵدار نۆژەن کرایەوە و، بە ڕێوڕەسمێک کرایەوە و شانازیی کردنەوەکەشیان بە من دا و [قسەشیان] بۆ دانابووم. ئەگەر بچی لە قەڵای کۆیە سەری بدەی و سروودەکەش وەک خۆی نووسراوەتەوە و دەفتەری یادبوودیشی بۆ داندرابوو، تەماشایەکی ئەو دەفتەرەش بکەی و زانیارییش لە بەرپرسی قەڵا و موزەخانە - کە تازە لەوێ کراوەتەوە - وەربگری، ڕەنگە بەکەڵکت بێ و باسەکەت دەوڵەمەندتر بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی ئاگۆستی ٢٠٢١

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org




## تێکۆشانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسی:

- لەدایکبووی ١٩٦٣ی ناوچەی شنۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دواناوەندیی لە شاری شنۆ خوێندووە.
- لە ١٩٧٩ تێکۆشانی سیاسی و کولتووریی لە ڕیزەکانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا دەست پێکردوە.
- لە سەرەتای هاوینی ١٣٥٩(١٩٨٠) بووە بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. هەتا ساڵی١٩٨٧لە ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، ڕەبەت، هەر وەها لە بەڕێوەبەریی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، وەک کادرێک، ئەرکی حیزبی و بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لە سەرشان بووە.
- لە ١ - ١ - ١٩٨٨ ژیانی هاوبەشی لەگەڵ کوێستان فتووحی پێک هێناوە، بەرهەمی ژیانی هاوباشیان کچێک بە ناوی "هانا" و کوڕێک بە ناوی "هیوا"یە.
- لە ١٩٨٨ەوە لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتدا ئەرک و بەرپرسایەتیی پێ سپێردراوە. بۆ ماوەی دەیان ساڵ لە بەشی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا، تێکۆشان و بەرپرسیایەتیی هەبووە. بە سەدان ڕاگەیەندراو و بەیاننامە حیزبی دیموکرات و بە هەزاران وتار و بابەتی سیاسیی بۆ ڕۆژنامە، ڕادیۆ، گۆڤارەکان و بە گشتی میدیای ئەو حیزبە نووسیوە.
- لە (١٩٩٥ - ٢٠٠٤) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- لە ٢٠٠٦ بۆ ٢٠٠٨ ئەندامی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

- لە( ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٩) سێ دەورە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە. لە کۆنگرەی حەڤدەی حیزبی دیموکراتی کوردستان(٢٠١٩)، بە ویستی خۆی وازی لە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هێناوە و چی تر خۆی بۆ ڕێبەریی حیزب بەربژێر نەکردووە.

## کارنامەی زانستی و ڕۆشنبیری:

- بەکالۆریۆسی لە ٢٠٠٢ - ٢٠٠٦ لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە تەواو کردووە.

- لە ٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٠ ماستەری زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە.

- لە ٢٠٢٠ بۆ ٢٠٢٣ خوێندنی دکتۆرای تەواو کرد و لە ٢٢ - ٢ - ٢٠٢٤ بڕوانامەی دکتۆرای پێدراوە.

- لە ٢٠١٠ هەتا ٢٠١٧ لە بەشی کوردیی زانکۆی ڕاپەڕین، لە٢٠١٧ەوە هەتا کۆتایی ٢٠٢٤ لە بەشی کوردیی زانکۆی کۆیە وەک مامۆستا خزمەتی کردووە.

- نامەی ماستەرەکەی لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

- تێزی دکتۆراکەی لە بارەی سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

### – زیاتر لە ٢٠ پەرتووکی نووسین، وەرگێڕان و توێژینەوەی هەیەکە بریتین لە:

١- پەرتووکی "کوردستان" تایبەتنامەی سەد ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، ١٩٩٨، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کردووە.

٢- بنچینەکانی وەرگێڕان (پەرتووکی گیرفان)، ١٩٩٩، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٣- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٢، ناوەندی هیوا، سلێمانی،

٤- مێژووی پەروەردە و فێرکردن (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥، مەکتەبی بیر و هوشیاری، سلێمانی چاپی کردووە.

٥- ڤاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە. (نووسین و وەرگێڕان)، پەرتووکخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠٠٥ چاپی کردووە.

٦- پەروەردەکردنی منداڵانی ئازاد و سەربەخۆ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، دەزگای سەردەم، سلێمانی، چاپی کردووە.

٧- چەند دۆکیۆمێنتێکی نێودەوڵەتیی مافی مرۆڤ (وەرگێڕان)، ٢٠٠٦، هەولێر دەزگای موکریانی، چاپی کردووە.

٨- حەڤدە کوورتیلە چیرۆک (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

٩- چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، (وەرگێڕان)، ٢٠٠٥ - ٢٠٠٦، بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

١٠- ڕینوێنی هونەری مودێڕن،(وەرگێڕان)، لە ٢٠٠٤ - ٢٠٠٥ بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بووەتەوە.

١١- ئاسایشی نێودەوڵەتی (وەرگێڕان)، ٢٠٠٧، دەزگای وەرگێڕان، هەولێر، چاپی کردووە.

١٢- خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (نامەی ماستەر) ٢٠١٠.

١٣- وەرگێڕان، پێناسە، بنەما، جۆر و مێژوو. ٢٠١١،کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان.

١٤- تیرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی ڕۆژهەڵاتی کوردستان(کۆمەڵە وتار) ٢٠١٩، ئەڵمان.

١٥- دووانە تەبا و ناتەباکانی مێژووی حیزبی دیموکرات. ٢٠١٩، هەولێر.

١٦- مچەی کەچەی (بەسەرهات)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٧- شیلانی شەڕگە (کۆمەڵە شیعر)، ٢٠٢٠، ڕۆشنگەری، ئەڵمان.

١٨- شەڕی ناسنامە و سەنگەری زمان، ٢٠٢٢، هەولێر.

١٩- سیاسەت و پلاندانانی زمانی بۆ بواری پەروەردە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠٢٥ ناوەندی تیشک.

٢٠- کتێبی "پەڕاوی پەیڤ و پێنووس و پەرتووک"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

٢١- "ئەو خونچانەی پێش پشکووتن هەڵوەرین"، ٢٠٢٦، بە زوویی بڵاو دەبێتەوە.

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بانەمەڕی ٢٧٢٥ی کوردی = مای ٢٠٢٥ی زایینی

---





کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ  د. قادر وریا  بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەم بابەتە بەنرخە.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org